# ڕاگەیاندنی کومیتەی سەربەخۆی کوردەکان لە شاری کۆڵن
## بۆ محکوم کردنی حوکمی ئێعدامی زینەبی جەلالیان و زیندانیە سیاسیەکانیتر!



***شیوەنی من شیوەنی ئینسانیە***
***بانگی ئازادی و گڕوی یەکسانیە***
***شیوەنی من شینی کوردی بێ بەشە***
***ئەو گەلەی حاشا دەکەن لێی وەهەشە!***

"من ناوم زینەبی جەلالیانە، ٢٧ سالانەم و زیندانییێکی سیاسی کورد کە حوکمی ئێعدامیان بۆ بڕیومەتەوە.... موحاکمە کردنەکەم تەنها چەن دەقیقەی خایاند و پاشان حاکمی شەرع وتی ئەتۆ دوشمنی خودایت و دەبێ ئێعدام بکرێیت، داوام لێکردن پێش ئێعدام ڕێگەم پێ بدەن کە گوێم لە دەنگی دایکم و ئەندامانی بنەماڵەکەم بێت، حاکمی شەرع وتی ئەتۆ دوژمنی خودایت و دەبێ دەمت ببەستی..."

ساڵیانێکی زۆر بە سەر دەسەڵاتی حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێراندا تێ پەڕیوە و زەخت و گوشاری دڕندانەی ئەم ڕژیمە بەردەوام قوربانی لە خەڵکی ئێران بە گشتی و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی گرتووەو حوکمی لە سێدارەدان و ئێعدام بۆتە شتێکی ئاسایی و ئەشکەنجەی جەستەیی و ئازاری ڕۆحیڕەوانی بۆتە شتێکی کات بە کاتی و چرکە بە چرکەیی لە گەڵ ژیانی بەندیەکاندا.

"ململانەییکی سەخت لە داوێنی مەیدانی خەباتێک کە ڕۆحی دەسەڵات لە دەستی دوژمنەکەت دایە و ئەوە کە بە سوڵتە و حکومەتێکی بێسنوور کە هەیەتی هەوسارپساو پیی وایە کە بە زەوت کردنی ئازادی و تێکشکاندنی جەستەکان دەتوانێت تۆوی خەباتی مێژووی نەتەوەییک لە بار بەرێت.

دیارە کە هیچ دۆخێکی نایاسایی کە حاکم تیایدا سەروەری دەکات و بە زەبری توندوتیژی دەسەڵاتی خۆی داسەپاندووە، و هیچ هەڵپەساردنێکی سیاسی کە ئازادی میللەتەکانی تێدا بەر تەوژم دەکەوێت و هیچ گاڵتە و کایە کردنێک بە ڕۆح و ڕەوان و هیچ تێکشکاندن و ئەشکەنجەییک ناتوانێ داواکارییەکانی ڕەوا و ئینسانی ئینسانەکانی ئەم کۆمەڵگایە بە چۆکدا بهێنێت و هەوێنی بیرکردنەوەی ئازاد و سەربەخۆ لەناو بەرێت".

کوردستان جەستەییکی زامدارە بە زۆر برینی کۆنەوە، ئەوڕۆکە برینە کۆنەکانیش وەژان هاتوون و بانگەشەی تەواوی خەڵکی ئێران بە گشتی و کوردستان بە تایبەت دەکەن کە بە دەنگی بەندییەکانەوە بێن و پشتیوانی خۆیان هەمە لایەنە دەر ببرن .

ئێمەش وەکو کومیتەی سەربەخۆی کوردەکان بۆ پشتیوانی و پاراستنی زیندانیانی سیاسی بانگەشەی تەواوی گروپ و کۆمەڵ و ڕێکخراوەکان، وتەواوی کوردەکان و مرۆڤدۆستان دەکەین کە با هەموو پێکەوە لە هەر جێگاییک کە دەژین دەنگ هەڵبڕین. بێدەنگی ئێمە مۆری ڕەزایەت لە سەر بەرگەی ئێعدامی زینەبی جەلالیان و زیندانیە سیاسیەکانیترە! ئێمە حوکمی ئێعدامی زینەبی جەلالیان و دیکەی زیندانیانی سیاسی محکوم دەکەین و بە هەموو جۆرێک لە پشت داخوازیە ڕەواکانی خوشک و برایانی بەند کراومان ڕا دەوەستین.

***کومیتەی سەربەخۆی کوردەکان بۆ پشتیوانی و پاراستنی زیندانیانی سیاسی- کوڵن/ئاڵمانیا***

**٢٠٠٩,١٢,١٤**